لە ئەڵمانیا پیاوێکی کورد بە دەمانچە گەنجێکی کورد دەکوژێت



لە ئەڵمانیا پیاوێکی کورد بە دەمانچە گەنجێکی کورد دەکوژێت.

لەناو وەستگەی شەمەندەفەری گشتی فرانکفۆرتی ئەڵمانیا کوردێک بە دەمانچە بە پێش چاوی خەڵکەوە کوردێکی تر دەکوژێت.

بەگوێرەی زانیارییەکانی ناوخۆی ئەڵمانیا، پیاوێکی تەمەن 54 ساڵی کورد لە تورکیاوە دەچێتە ئەڵمانیا و لەناو وەستگەی قیتاری فرانکفۆرت گەنجێکی تەمەن 27 ساڵ بە دەمانچە دەکوژێت و قوربانیەکە نیشتەجێی ئەڵمانیا بووە نزیک شاری شتوتگارت.

بەپێی زانیارییەکان دەنگەی ئەوە هەیە ئەم دوو هاووڵاتیە کوردە پێشتر لە تورکیا دوژمنداریان هەبووە بکوژەکە تووەی لە کوژراوەکە کردبێتەوە.